# خۆر نزیک دەکرێتەوە لە ڕۆژی قیامەتدا لە بوونەوەرەکان هەتاوەکو تەنها میلێک لێیانەوە دوور دەبێت

لە میقدادی کوڕی ئەسودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «خۆر نزیک دەکرێتەوە لە ڕۆژی قیامەتدا لە بوونەوەرەکان هەتاوەکو تەنها میلێک لێیانەوە دوور دەبێت»، سولەیمی کوڕی عامر دەڵێـت: واللە نازانم مەبەستی لە میل چییە؟ ئایا دووری یەک میل لەسەر زەویدا یان ئەو میلەیە کە چاوی پێ دەڕێژن، و-صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «خەڵکی بە پێی کردەوەکانیان لە ئارەقدا (ئارەقی لاشەیان) نقوم دەبن، هەیانە (ئارەقەکە) دەگاتە لای قولەپێکانی، وهەیانە دەگاتە لای ئەژنۆکانی، وهەیانە دەگاتە لای کەمەری، وهەیانە ئارەقەکە لەغاوی دەگرێت». دەڵێت: وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئاماژەی بۆ دەمی کرد.
[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە خۆر نزيك دەكرێتەوە لە ڕۆژی قیامەتدا لە بوونەوەرەکان، هەتاوەکو هێندەی یەك میل دوور دەبێت لەسەریانەوە. تابیعیەك بە ناوی سولەیم کوڕی عامر دەڵێت: واللە نازانم مەبەستی کام میل بوو، میلی پێوانی زەوی، یان ئەو میلەی کە چاوی پێ کل دەکرێت؟ وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: خەڵکی لەنێو ئارەقی لاشەیان دەبن بە پێی کردەوەکانیان؛ تێیاندایە ئارەقەکەی هەتاوەکو گوێزنگەکانیەتی، وتێیاندایە ئارەقەکەی هەتاوەکو ئەژنۆکانیەتی، وتێیاندایە ئارەقەکەی هەتاوەکو کەمەریەتی -هەتا شوێنی بەستنی بەنەخوێنەکەی-، وتێیاندایە ئارەقەکەی دەگاتە لای دەمی وناتوانێت قسە بکات. دەڵێت: وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە دەستی ئاماژەی بۆ دەمی کرد.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4289

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee